# فت.. وا..!



**نورەدین وەیسی**

**مالّم لە کوچەی Dallyn ە لەسەر جادەی Brimley بنکەیەکی دەنگدانی هەلّبژاردنی عیراقیش لەجادەی Birchmount ە کەبەئۆتۆمبێل تەنها دە دەققە لێمەوەدووره، بەلّام ئەگەر شێخ غازی یاوەر( خودا هەر هێندە عومری درێژ بکا هەتا ژنێکیش بەسەر نەسرین بەرواریدا دێنیّ) لەسەر بودجەی دەولەتی عیراق کەکەس نازانیّ چەندەو چۆنیش خەرج دەکریّ، رۆژی 30 ئەم مانگە فرۆکەیەکی مۆدێل بالّام بۆ بنێرێتە بەردەم مالّیّ تا پێی بچمە بەردەم بۆکسی دەنگدان لەوێش پاش دەنگدان هەتا فرۆکە دەگریّ دۆلّارم بۆ هەلّدەنە ناوی وبمهێننەوە مالّیّ ودۆلارەکانیشم بۆ بێننە خواریّ وسەفتە سەفتەش بۆم بژمێرن و لەسەر یەکی دانێن ئەوە بەهەقی ئەوقورئانەی کەچەندین جار بەبیّ دەستنوێژ لەسەر ڕانی خۆم داناوە نەك هەر دەنگ نادەم بەلّکو هەتا پێشم بکریّ خەلّك لەدەنگدان پەشیمان دەکەمەوە کە لە ئاهورامەزدای بەزیادبیّ تا ئێستا پێنج کەسم پەژیوان کردوونەتەوە ئیدی با عارف تەیفوریش هەر پێمان بلّیّ سەرلیّ شێواو.**

**بەو پێیەی مەلازادەمەو هەتا حەفت پشتانیش مەلای دوازدە عیلمین وخۆشم هەتا ((جمع الجوامع)) و((اعانة الطالبین)) و((فتح المبین)) یشم خوێندووەوتا ئێستاش لەتە فتوایەکیشم دەرنەکردووە، بۆیە پێموایە ئێستاهەقی خۆمە وەك ئەو هەموو کۆلکە مەلا**

**یانەی کە  ئێستا لەعیراقدا  هەموو سەرە سەعاتێك فتوایەك دەردەكەن منیش یەكەمین ودوا فتوا بدەم وبڵێم هەر كوردێك - جا نێر بێت یا مێ-  لە هەڵبژاردنەكانی عیراق دەنگ بدات ئەوە بەرپرسیارە لە گەورەو بچووكی ئەو زوڵم وتاوانانەی كە حكومەتی داهاتووی عیراق لە خەڵكی كوردستانی دەكا ئیدی با زوڵمەكەش هەر ئەوەندە بێت كە سەربازێكی عارەبی عیراقی بە منداڵێكی كورد بڵێ ((ولك تعال))..!    والله اعلم**

**جا بە قسەم دەكەن زەریفە بە  قسەشم ناكەن بەڵا لە خۆتان..**

**وما على الرسول الا البلاغ**

**كەنەدا/تۆرۆنتۆ**

nuradinwaisi@hotmail.com